# بارەگای مەرکەزی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە بەغداد کرایەوە.

بەپێی بەیانێکی مەکتەبی ڕاگەیاندنی کۆنگرەی ئازادی عێراق کە لە ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی 18ی حوزەیراندا دەرکراوە هەر هەمان ڕۆژ بارەگای مەرکەزی کۆنگرەی ئازادی عێراق لە شاری بەغداد بە ئامادەبوونی سەمیر عادل سکرتێری کۆنگرەو ڕێبوار ئەحمەد لیدەری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق و قاسم هادیو یەنار محەممەدو ویسام شاکر ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی ئاهەنگی کردنەوەی ساز کردووە. شایەنی باسە لەم ئاهەنگەدا ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیو نوێنەری حیزبو لایەنە سیاسیەکانو ڕێکخراوە کرێکاریەکان کە لە بەغدادو مەحمودیەو ئەسکەندەریەوە هاتبون و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەشداریان کردووە. وە لە بەیانەکەدا هاتووە کە هۆڵەکە بە چەندین لافیتە ڕازێنراوەتەوە کە لەسەریان نوسراوە: نە ئازادیو خۆشگوزەرانیو نە ئاسایش نایەنە دی هەتا داگیرکاری لە ئارادا بمێنێت، پێکهێنانی دەوڵەتێکی غەیر قەومیوغەیر دینی زەمانەتی بەرگرتنە بە شەڕی ناوخۆ، مناڵانمان مەکوژن لە پێناو تەفرەقەی قەومیو تائیفیدا، نا بۆ تیرۆر نا بۆ داگیرکاری نا بۆ ڕەگەزپەرستی میللی نا بۆ تایەفە گەرێتی بەڵێ بۆ ئازادی عێراق.

لە بەشێکی تری بەیانەکەدا هاتووە کە ڕێبوار ئەحمەدووتەیەکی بەو بۆنەیەوە پێشکەش کردووە و ئاماژەی بەوە کردووە کە پرۆژەی کۆنگرەی ئازادی عێراق داهێنانێکی زۆر گەورەیەو دەستپێشکەرییەکە کە ئەتوانێ دەرگاکانی بەردەم ڕزگارکردنی کۆمەڵگەی عێراق لەم هەلومەرجە نالەبارەدا بکاتەوە، وە دەتوانێت هێزێکی گەورەی کۆمەڵایەتی خڕ بکاتەوەو قوتبێکی بەهێز بێت کە هەژمونێکی جیهانی هەبێت لە بەرامبەر جەنگو داگیرکاریو پێشبڕکێی تیرۆریستاندا، وە هەنگاوێکی گرنگ بێت بە ئاراستەی ڕێکخراو کردنی بزووتنەوەیەکی گەورەی جەماوەریدا کە کاریگەری هەبێت لە دژایەتی کردنی داڕوخانی بنەماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا بۆ بەدیهێنانی ئایندەیەکی ڕۆشنو گەش بۆ کۆمەڵگەی عێراق. لە هەمانکاتدا کۆنگرەی ئازادی عێراق بوارێکی گەشو ئومێدبەخش دەکاتەوە لە جیهاندا بەڕوی حەرەکەتی ئینسانی موتەمەدیندا لە دژی دوو قوتبی تیرۆریستی جیهانی، ئەمریکاو تیرۆریزمی ئیسلامیو شەڕی تیرۆریستیاندا،و بوار بۆ حەرەکەتی ئینسانی موتەمەدین دەکاتەوە کە دەخاڵەتی جددی بکەن لە گۆڕەپانی عێراقدا بە قازانجی ئازادیو مەدەنیەتو عیلمانیەتدا. هەروەها ڕیبوار ئەحمەد بێجگە لەوەی دەنگی خۆی خستۆتە پاڵ کۆنگرەی ئازادی عێراق، بانگەوازی هەموو ئەو کەسانەی کە لە پێناو ئازادیو گێڕانەوەی مەدەنیەت بۆ عێراق تێدەکۆشن، کردووە کە پەیوەست بن بە کۆنگەرەوەکەوە.

هەر لەو نێوەشدا ژمارەیەك لە ڕابەرانی کرێکاری پشتیوانیو پیرۆزبایی خۆیان ڕاگەیاندووە، لەوانە سەرۆکی نەقابەی خزمەتگوزاریو نەقابەی چاپەمەنیومیکانیك لە ئەسکەندەریەو ژمارەیەك کەسایەتی تر بوون.

ئامادەکەری هەواڵ

جبار محسن